کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, لە بەرواری 18-19/ سێپتامبەر/ 2004, لە ولاَتی ئەلَمان هاتە گرێدان.

ماوەی نێوان بانگەوازکردن بۆ کۆنگرە کە لە 22 ئابی 2004دا بوو, لەگەلَ بەستنیدا, کەمتربوو لەمانگێک. وە ماوەی نێوان بانگەوازکردن بۆ کۆنگرە و جیابوونەوەی 24 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی, کە خۆی لە 46 ئەندام پێکهاتبوو, لە بەرواری 24 ئابی 2004 و پێکهێنانی حیزبێکی تر لە ژێر ناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران_ حیکمەتیست, تەنها 2 ڕۆژ بوو.

ئەم کۆنگرەیە چ پێش بەستن و چ دوای بەستنی, لە زۆر لایەنەوە, بووە مایەی کێشەی زۆر و هێنانەکایەوەی قسەی زۆروزەبەند و بۆچونی ڕەنگاوڕەنگ, لە نێوان ئەوانەی کە لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێشووی ئێراندا ماونەتەوە و درێژە بە کارو هەلَسوڕانی خۆیان ئەدەن, کە بەناوی "باڵی حەمیدی تەقوایی" ناودەبرێن, وە لە نێوان ئەوانەی کە لەو حیزبە چوونە دەرەوە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران_ حیکمەتیستیان دامەزراند, کە بەناوی "باڵی کۆرشی مودەرِیسی" ناو دەبرێن.

لەپێش هەموو شتێکەوە, مەسەلەی بەستن و نەبەستنی خودی کۆنگرە, جێگەی خیلاف بووە. باڵی حەمید پێیان وابووە کە تاکە ڕێگەی دەرچوون لەو کێشە دەروونییانەی نێو ڕەهبەری, بەستنی کۆنگرەیە, هەربۆیە لایەنگری بەستنی ئەم کۆنگرەیە بوون, هەرچی باڵی کۆرش بوو, پێیان وابوو بەستنی کۆنگرە, یانی لە گۆڕنانی حیزب, بۆیە لەگەلَ بەستنی کۆنگرەدا نەبوون.

لەسەر مەسەلەی ئەوەی, کام مەرجەعە دەسەلاَتی ئەوەی هەیە کە بانگەوازی کۆنگرە بکات, دیسانەوە خیلاف هەیە. باڵی حەمید ئەلَێن ئەمە کۆنگرەی نائاساییە, بۆیە لیدەر بۆی هەیە بانگەوازی کۆنگرە بکات, جا ئەگەر زۆربەی ئەندامان ڕایان لەسەر بستنی بوو, ئەوا ئیتر ئەو کۆنگرەیە شەرعییەت پەیدا ئەکات. هەرچی باڵی کۆرشە, ئەلَێن کۆمیتەی ناوەندی دەسەلاَتی هەیە, کە بانگەواز بۆ کۆنگرە بکات و حەمید پێچەوانەی بنەمای ڕێکخراوەیی ڕەفتاری کردووە.

لەسەر مەسەلەی شێوازی کۆنگرەکەش خیلافات هەیە. باڵی حەمید بانگەوازی بەستنی کۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامانیان کرد و ئەلَێن ئەمە کۆنگرەی نائاساییە. هەرچی باڵی کۆرشە ئەلَێن, کۆنگرە ئەبێ کۆنگرەی نوێنەرانی هەلَبژێراوی ڕێکخستنەکان بێت, نەک کۆنگرەی تەواوی ئەندامان, بەبێ پرۆسەی هەلَبژاردن, هەروەها ئەلَێن, ئەمەی باڵی حەمید ئەیکات, پێچەوانەیە لەگەلَ بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی.

بەو شێوەیە کۆنگرەی 5 جێگای مشتومڕی زۆرە و هەریەکە بەجۆرێک تێی ئەڕوانێ.

بێگومان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, بنەمایەکی هەیە بەناوی "بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری", کە لە نووسینی مەنصور حیکمەتە. بەلاَم ئەم بنەمایە, پرانسیپێکی لەمەڕ کۆنگرەی نائاسایی تێدا نییە, تاوەکوو بتوانیت حوکمێکی لێوە هەلَگۆزی بۆ ئەم کێشەیە. ئەوەی تێیدایە بە تەنها, کۆنگرەی ئاساییە, کە پێکدێت لە نوێنەری هەلَبژێراوی ڕێکخستنەکان ( بڕوانە خاڵی 10ی ئەو بەلَگەنامەیە).

بۆیە یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلانە و گەییشتن بە پرانسیپێکی دروست, دوور لە بەرژەوەندیخوازی, پاشان نووسین و جێگیرکردنی لە نێو بەلَگەنامەی بنەمای ڕێکخراوەیی, گرنگی زۆری هەیە.

ئەبێ ئەو ڕوونبێتەوە کە کۆنگرەی نائاسایی کەی ئەبەسترێ, چ مەرجەعێک بانگەوازی بۆ ئەکات, ئەگەر بەستنی کۆنگرە بووە پێوستییەک و کۆمیتەی ناوەندیش بەهۆی خیلافاتی خۆیانەوە, بانگەوازیان بۆ نەکرد, ئەبێ چ مەرجەعێک وەیان ڕێگایەکی تر هەبێت بۆ بەستنی کۆنگرە؟

ئەبێ ئەوە ڕوونبێتەوە, کۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامان بۆ؟ بۆ لە کۆنگرەی نائاساییشدا, کۆنگرە لە نوێنەرانی هەلَبژێراوی ڕێکخستنەکان پێک نەیات؟ وەیان بە پێچەوانەوە, بۆچی کۆنگرە,کۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامان نەبێت؟

خوێنەری ئازیز! ئەوەی لەم وەرگێڕانەی خوارەوەدا ئەیبینن, بەلَگەنامەی, بانگەوازی کۆنگرەی پێنجەمە, کە چەندین نووسراوی لەسەر نووسراوە, بە جۆرێک کە وەرگێڕانی وەک سەنەدێک پێویست بوو. تاوەکوو دەرگایەک بکاتەوە بۆ وتووێژ پلمیک.

**سالار ڕەشید**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بانگەوازی بەستنی کۆنگرەی 5

**(حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران)**

**لە: حەمیدی تەقوایی**

**بۆ: ئەندامان و کادرانی حیزب**

**بابەت: بەستنی کۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامان و کادران**

**بەروار: 22 ئاب 2004**

**بانگەواز بۆ بەستنی کۆنگرەی پێنجەم**

هاوڕێیانی خۆشەویست

کۆنگرەی پێنجەمی حیزب, لە بەرواری 18 و 19ی سێپتامبەر لە ئەڵمانیا, ئەبەسترێت. ئەمە کۆنگرەیەکی تایبەتە, بۆ وەڵامدانەوە بە هەلومەرجی تایبەت و نائاسایی, کە خیلافاتی فیکریی نێو ئەم حیزبە هێناویەتە کایەوە, ئەبەسترێت. تایبەتمەندییەکی ئەم کۆنگرەیە لەوەدایە, کە تەواوی ئەندامان و کادرانی حیزب, ئەتوانن بەشداری تێدا بکەن و مافی دەنگدانیشیان هەبێت. بەمانایەکی تر, ئەمە کۆنگرەی نوێنەران نییە, بەڵکوو کۆنگرەی ڕاستەوخۆی خودی ئەندامانە. وە بەبێناوەند و ڕاستەوخۆ, دەنگی ئەندامان و کادرانی حیزب و بیروبۆچونیان, نوێنەرایەتی ئەکات.

تایبەتمەندییەکی تری ئەم کۆنگرەیە, شێوازی بانگەوازەکەیەتی. کۆنگرەی 5 لە ڕێگای منەوە, بە ناونیشانی لیدەری حیزب و بە پشتبەستن بە ڕای زۆرایەتی کادران و ئەندامانی حیزب, بانگەوازی بۆ ئەکرێت. کۆنگرە, بە وەڵامی پۆزەتیفی زۆرایەتی ئەندامان و کادرانی حیزب بەم بانگەوازە, مافی یاسایی خۆی وەرگرتووە. لە هەلومەرجی ئاساییدا, کۆنگرە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بانگەوازی بۆ ئەکرێت, بەڵام ئەگەر زۆرایەتی کادران و ئەندامانی حیزب داوای بەستنی کۆنگرەیان کرد و کۆمیتەی ناوەندی, نەیەوێت ببەسترێت, ئەبێ ویستی زۆرایەتی کادران و ئەندامان جێبەجێ بکرێت. ئەمە بنەمایەکی پایەیی هەر حیزب و ڕێکخراوێکە, کە ڕابەرایەتییەکەی بە هەڵبژاردن بووبێتە ڕابەری, هۆی ئەمەش ڕۆشنە: ڕابەرییەك کە زۆرایەتی حیزبی لەگەڵدا نەبێت, لەباری پرانسیپەوە نابێت, وە لەباری عەمەلییەوە ناتوانێت ڕابەرایەتی بکات. بەڕەسمی نەناسینی مافی زۆرایەتی ئەندامان, لەکاتێکدا کە بانگەوازی بەستنی کۆنگرە بکەن, بەتەنها لەگەڵ پرانسیپی پەیڕەویکردنی کەمایەتی لە زۆرایەتی ناکوك و پێچەوانە نییە, کە ڕێگە خۆشئەکات, بۆ پەرەسەندنی بیرۆکراسی و خراپ بەکاربردنی دەزگای حیزبیی, بۆ خۆسەپاندن بەسەر ئەندامانداو, بەڵکوو لەباری پراکتیکیشەوە, حیزب تووشی قەیران ئەکات و پەکی ئەخات. خۆشبەختانە, حیزبی ئێمە لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا نییە, بەڵام بۆئەوەی تووشی هەلومەرجێکی لەوجۆرە نەبێن, بەستنی دەسبەجێی کۆنگرە, حەیاتییە.

ئەرکی کۆنگرەی پێنجەمە, کە ئەو باس و خیلافاتە فیکرییانەی لە ئارادایە, لەباری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە, بەسەرەنجامی خۆی بگەیەنێت, وە حیزب لەدەوری بڕیارنامە و سیاسەتە پەسەندکراوەکانی خۆی, یەکگرتوو و هاوئاهەنگ بکات. ئەمە تەنهاڕێگای دەربازبوونە لەم هەلومەرجە نائاساییەی ئێستامان. من داوا لە تەواوی هاوڕێیان ئەکەم, لەم کۆنگرە تایبەتەدا, کە ڕۆڵی حەیاتی لە چارەنووسی حیزبدا هەیە, بەشداری بکەن.

بژی حیزب

بەهیوای دیدار لە کۆنگرەی 5

**حەمیدی تەقوایی**

**22 ئاب 04**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

❊ ❊ ❊

ئەم بەڵگەنامەیە:

"نامه حمید تقوائی به **اعضای** حزب

درباره برگزاری کنگره مستقیم **اعضا** و کادرها در روزهای 18 و 19 سپتامبر 2004"

لەم ئەدرێسەوە:

www.anternasional.com/bahs-hkk.htm

وەرگیراوە

❊

**(سالار ڕەشید)**

**لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی**

2004 .10 .11

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com